IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT

Kurdistan-hawler

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**کوردستان ـ هەولێر**

No: ژمارە: ١٠٠٣

Date: بەروار: ٢٠٢١/٣/٣١

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پێشنیازە یاسا

سڵاو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کەلەخوارەوە واژۆمان کردووە داواکارین پێشنیازە یاسای ( پاراستنی بەڵگەنامە و دەستوورەکان ) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزمدا...

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو | ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | سەلمە فاتح تۆفیق | | ١٢- | مەلا ناصر | |
| ٢- | جەلال پۆرتشان | | ١٣- | جمال هورمی | |
| ٣- | محسن دۆسکی | | ١٤- | بختیار شکری | |
| ٤- | فەیصەل عباس | | ١٥- | لیقە ابراهیم عزیز | |
| ٥ | پێشەوا هاورامانی | | ١٦- | ڕوبار أحمد رحیم | |
| ٦- | هیفیە ئەسعد سلمان | | ١٧- | هەژار مصطفی کوێستانی | |
| ٧ | حکمت محمد عبدالرحمن | | ١٨- | لقمان وردی | |
| ٨- | گوڵیزار رشید سندی | | ١٩- | ممو برهان فتاح | |
| ٩- | ڕابوون ڕەهیر | | ٢٠- | نشئە اشکر هورمز | |
| ١٠- | ئازاد ئاکرەیی | | ٢١- | مسلم عبدالله کاکل | |
| ١١- | گۆران عمر علی | | ٢٢- | عمر عبدالله صالح | |

٢٣- سیروان بابان

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

لیژنەی یاسایی و ... بەڕێزتان

لەبارەیەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |

# پرۆژە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەو دەستنووسەکان

**ماددەی یەکەم :** مەبەست لە چەمک و زاراوەکانە کە لەم یاسایەدا هاتوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**هەرێم :** هەرێمی کوردستان – عیراق

**ناوەند:** ناوەندی بەڵگەنامە و پاراستنی دەستنووس

**دەستە :** دەستەی بەرێوەبردنی ناوەند.

**بەڵگەنامە:** لاپەرە یا چەند لاپەرە و نەخشە ونووسراوێکە لە فۆرمێکی فەرمی بەدەستنووسراوە، یان نەخشێندراوە یان چاپکراوە، زانیاری و بەڵێننامەو نامە وبیرەوەرییەکان ونووسراوە مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کارگێری و یاسایی و پەروەردەیی وکلتوورییەکان لەخۆ دەگرێت.

**دەستنووس:** هەر بەرهەمێکی بەدەست نووسراوی کۆنە، بەهەر زمانێک، لەبارەی مێژوو و کلتووری کوردستان دانرابێت یان نووسرابێتەوە. بایەخێکی مێژوویی زانستی هەبێ. یا هەر بەرهەمێکی دیکەی هونەری وئەدەبی و ودانسقەی نووسراوی رابردوو دەگرێتەوە، موڵکی گشتییە، نافرۆشرێ وتاسەر وەها دەمێنێتەوە.

**مادەی دووەم:** ناوەندێک دادەمەزرێ بەناوی (ناوەندی پاراستنی بەڵگەنامە ودەستنووس لە کوردستاندا) بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان و سەر بەپەرلەمانی کوردستان دەبێ.

**ماددەی سێیەم:** ناوەند دەستەیەک لە پسپۆری شارەزا بەرێوەی دەبا.

**ماددەی چوارەم:** ئامانجی ئەم ناوەندە:

**یەکەم:** کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دەستنووسی دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری هەرێم وئەو دەستە ولایەنانەی نەبەستراونەتەوە بەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوانەی بایەخی ئەکادیمی و مێژووییان هەیە، و پەرش وبڵاون لەکتێبخانە و ناوەندی زانستی ، مۆزەخانە و شوێنەکانی تری هەرێم.

**دووەم:** هەوڵدان بۆ دەستخستنەوەی ئەو بەڵگەنامە ودەستنووسانەی کە بایەخی زانستی ومێژووییان هەیە، و لەبەر هەر هۆیەک لەدەرەوەی هەرێمی کوردستاندان.

**سێیەم:** کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردستان لەڕێی تۆمارکردنی یادەوەری زارەکی و تەوسیقکردنی بەڵگەنامە و کلتووری ناماددی.

**چوارەم:** هەڵگرتن وپاراستن وئەرشیفکردنی بەڵگەنامە ودەستنووسەکان بەشێوەیەکی زانستی و وسەردەمیانە.

**پێنجەم:** لەبەرگرتنەوەی دانەیەک لەو بەڵگەنامە ودەستنووسانەی کە لە برگەکانی سەرەوەی ماددەی چوارەم هاتوون، لەڕێی بەکارهێنانی ئامێری تازە و بەشێوەی مایکرۆفیلم بۆ پاراستنیان.

**شەشەم:** پاراستنی وێنە و نەخشەی ئەرشیفی و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیانەوە، و تۆمارکردن وپۆلێنکردنیان بە شێوازێکی زانستی.

**حەوتەم:** کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی رژێمی پێشووی عیراق کە تایبەتن بە تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان ودژایەتی شۆرش وراپەڕینەکانی کوردستان.

**هەشتەم:** کردنەوەی خولی راهێنان بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لەم ناوەندەدا کاردەکەن، بۆ شارەزابوون لە شێوەکانی سەردەم بۆ پاراستنی بەڵگەنامە ودەستنووسەکان.

**ماددەی پێنجەم:** ئەم یاسایە ئەو بەڵگەنامەو دەستنووسانە دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەوبەڵگەنامە ودەستنووسانەی کە بەزمانی فەرمی هەرێمی کوردستان – عیراق نووسراونەتەوە، یان بەزمانی نەتەوەکانی تری کوردستان نووسراون، وناوەڕۆکیان پەیوەندی بە مێژوو وجوگرافیا و کلتووری کوردستانەوە هەیە.

**دووەم:** هەموو دەفرێک کە زانیاری سەرکاغەز و ژمارە وئەلکترۆنی و فۆتۆتگراف وتۆمارو قەواڵە وهێلکاری و نامەی تیدا پارێزراوە. .

**سێیەم:** بەڵگەنامەی بەرێوەبردن و کە کاروبار وچالاکی کارگێری فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی رێک دەخا.

**چوارەم:** بەڵگەنامەی حزبەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق، بەوانەشەوە کە لەبەر هەر هۆیەک هەڵوەشاونەتەوە.

**پێنجەم:** بەڵگەنامەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ماددەی شەشەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند پێک دێ لە:

**یەکەم:** بەرێوبەرێک بە پلەی وەکیلی وەزارەت کە بروانامەی دکتورای هەبێ وپسپۆر وشارەزابێ لەبواری کارگێری وپاراستنی بەڵگەنامە ودەستنووسەکان.

**دووەم:** بەرپرسی بەشی هونەری.

**سێیەم:** بەرپرسی پەیوەندییەکان.

**چوارەم:** بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

**پێنجەم:** بەرپرسی بەشی کارگێری ودارایی.

**ماددەی حەوتەم:** ناوەند ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

**دووەم:** نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری .

**سێیەم:** نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف.

**چوارەم:** نوینەری ئەکادیمیای کوردی.

**پێنجەم:** نوێنەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار.

**شەشەم:** نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**حەوتەم:** نوێنەری پێکهاتەکان.

**ماددەی هەشتەم: ئەرکەکانی دەستە.**

**یەکەم:** دارشتنی سیاسەتی زانستی وتەکنیکی بۆ ناوەند.

**دووەم:** دارشتنی هەیکەلی کارگێریی ودارایی و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی پێویست بۆ ناوەند.

**سێیەم:** دیاریکرنی بودجەی پێویستی ساڵانە بۆ ناوەند.

**چوارەم:** پەسەندکردنی راپۆرتی سالانەی ناوەند وبەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عیراق.

**پێنجەم:** داواکردنی ئەو بەڵگەنامە و دەستنووسانەی لەبڕگەکانی ( 5,4,3,2) ی ماددەی پێنجەم دا هاتوون، بەنووسراوی فەرمی دا لەوەزارەت و فەرمانگەکانی دەرەوەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم وناوەندەکانی ترو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێ بۆ پاراستنیان.

**ماددەی نۆیەم: سزاکان**

**یەکەم :** هەریەکێک سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکا، سزا دەدرێ بە غەرامەی بری ( ١٠٠٠٠٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێ.

**دووەم:** هەر یەکێک بەڵگەنامە یا دەستنووسێک لەناو ببات، یان بباتە دەرەوە، یان یارمەتی بردنە دەرەوەی بدات کەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ، بە بەندکردن سزا دەدرێ کە لە(٢) دووساڵ کەمتر نەبێ، یان هەر سزایەکی قورستر کە لەیاساکانی تردا هەبێت.

**سێیەم:** ئەگەر کارەکانی برگەکانی یەکەم ودووەمی ئەم ماددەیە لەلایەن فەرمانبەری تایبەتمەندەوە ئەنجام درابێت سزاکەی توندتر دەبێت.

**چوارەم:** هەر کەسێک بە ئەنقەست، یان بەهۆی کەمتەرخەمیەوە ببیتە هۆی لەناوچوونی بەڵگەنامەیەکی فەرمی، یان بردنە دەرەوەی لەهەرێمدا کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێ، بە بەندکردن یان غەرامەی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێ ولە ( ١٠٠٠٠٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێ سزا دەدرێ.

**ماددەی دەیەم:** کار بەهیچ یاسایە یا بریارێک ناکری کەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی یانزەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری بەڵگەنامە ودەستنووسەکان لەناوەوە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا پەرش وبلاون، و لەبەردەم هەرەشەی لەناوچووندان، بۆ کۆکرکردنەوە و پاراستنیان وەک گەنجینەیەکی نیشتیمانیی ونەتەوەیی و مێژوویی، بۆ ئەوەی ناوەندی ئەکادیمیی وتوێژەران بتوانن سوودیانان لێ وەربگرن ئەم یاسایە دەرچوێندرا.